# کۆمەڵێک کورتەشیعر (2)

بەختیار کەریم
پاییز و زستانی 2006

## مانگ

کە یەکەم ماچمان کرد
من بە لێوتەوە منداڵ بوومەوە
تۆش دەستت بڵندکرد و
لە گوانی مانگ تێر تریفەت کردم

## لێو

لێوەکانی من ئاوس بوون بە پرسیار و
ئەوانی تۆش خوێنی ماچیان تێزابوو
کە پێکگەیشتن
پرسیارەکانی من بێمانا و
ماچەکانی تۆ حیکمەت بوون

## ماچ

یەکەم و دوا ماچی کورتمان
لە باخێکی پەنهاندا کرد
تۆ فەرمووت: نیو خولەک درێژ بوو
من گووتم: نیو ئەبەدییەت کورت بوو

## نەینووک

سەرت نا بەسەرمەوە و
پیکەوە لە نەینووکەکەمان ڕوانی
ماچتکردم تا لە ئاوێنەکەدا خەوبردمیەوە
لەو ڕۆژەوە کە لە ئاوێنە دەڕوانم
لەبری خۆم هەردووکمان دەبینم

## خودا

کە منالٚ بووم ئیرەیم بە خودا دەبرد
لێی دەترسام و نوێژم بۆ دەکرد
کە یەکەم ماچی سینەی تۆم کرد
بۆ خودا گریانم هات
نە وەک من دایکێکی میهرەبانی هەبووە مەمکی بمژێت
نە یارێکی سنگ بەرز لەسەر سینەی بنوێت

## شەڕ و ئاشتی

من ئاشتیخوازترین ئادەمیزادی سەر گۆی زەوی بووم
میزم بە شۆڕش و
بە جەنگ و
بە سەرکردەدا دەکرد
کە یەکەم شەڕی دەستەویەخەی نێوان
جووتێ مەمکم بە چاوی خۆم دی
بوومە شەڕانگێزترین شەڕخواز و
چەپڵەم بۆ مەمک و
بۆ ستیان و
بۆ پێکدادانی مەمان تەقاند

## پەنجەرە

لە باران ڕوانین لە پشتی پەنجەرەوە
هێند شیرینە وەختە تامی ماچێکی تۆ بدات
لە تۆ ڕوانین لە پشتی پەنجەرەوە لەژێر باراندا
دەمخاتە سەر کەڵکەڵەی ماچ، دەستپەڕ
یان خۆکوشتن

## گەندەڵی

بمبەخشە لەیادم کردیت
یادەوەریم لە ڕەوشتی سەرکردەکان گەندەڵترە
دەتبەخشم یادت نەکردم
یادەوەریت وەک سەرکردەکان لە نیشتیمان
خیانەتت لێدەکات

## لە سەرما

گەرمە
شیعری کیژە شاعیرێک وەک خۆر
لە سەرما
ساردە
لاشەی ڕۆح لە نائامادەگی ئەودا وەک سنەوبەر
لە سەرما

## بەهەشتە تایبەتەکەی هاوڕێکەم

ئاوڕ لە گوڵە ژاکاوەکانی باخچەی جێماو مەدەرەوە
ئێرە فیردەوس نیە تا غەمی گوڵ بخۆین
نیگەرانی گمەی غەمگینی گەرووی کوترەکانی گوێسەبانەی عەشق مەبە
عەشق درۆیەکی برۆنزیە بەدیاریەوە ماتڵ مەبە
چاو تەڕمەکە بۆ کانیلەی وشکی چاوانم
لە جیهانی مندا چاو بۆ گریانە نەک بۆ ڕوانین
سەری خۆت هەڵگرە بەرەو شارانێک چراکانی خامۆش نابن
ڕێچکەیەکی تر، بەردەبازێکی جیاواز، بوارێکی تەنکتر
دەتبات بەرەو جێگایەک کە دەکرێت چاوانت هەڵگلۆفێت و
هاوار بکەیت ئەمەیە ئەو بەهەشتەی هەموان خەونی پێوەدەبینین
دەواری خەونە نێلۆفەریەکانت هەڵدە و
پێکێ لەبیرچوونەوە نۆشکە
یەکەم قووم هەست بەزبری جەستەم لەسەر لێوانت دەکەیت
دەووەم قووم خۆت و بەهەشتێک لە خەونی بەتاڵ بە بەتاڵیی بەهەشتەوە
لە یەکتردا خاڵی دەبنەوە
بەڵێ هاوڕێ دواجار لەو بەهەشتە تایبەتەی خۆتدا تێدەگەیت
بەهەشت لە ناوماندایە

## لەم دوورەشەوە دەتبینم

دەبینم لەبەرهەیوانی خەمی دووریەوە
بە نامە کۆنە بڕشتلێبڕاوەکاندا دەچیتەوە
چاوانت لەسەر ئەو وشانەی من
کە لە ژێرزەمینێکی ئەستەمبوڵدا نووسیم
وەک مانگی کزی ئێوارەیەکی پاییز
وەک مۆمی ناو ئامێزی شەوێکی تۆفان
کز کز بە فرێسک دەکوژێنەوە
باشترە بە بیرکردنەوە لە من سەرقاڵ نەبیت
من تۆم لەو هەنگاوانەی سەفەردا دۆڕاند
کە بە هیچ کوێیان نەگەیاندم

بۆ منیش تەندروستترە یادی ڕووتیی تۆ
نەڕژێنمە چاوی دەستپەڕەکانمەوە
چونکێ تۆ منت لەو خەونانەدا داچاند
کە بەریان بە زەویەکانی حەقیقەت نەدا

## گۆڕان

تۆ لەوێ لە گووتارەکانی سەرکردەیەکی خوێڕیدا
بەدزیی پۆلیسەوە تێکەڵ بە درۆیەکی سپیم دەکەیت
منیش لێرە بەهەڵە لەگەڵ حەشیشیدا
لەشەوی سەری ساڵدا دەتپێچمەوە
من و تۆ تازە لەیەکترناچین
تۆ خولیاتە ئێواران لەنێو گەڵا وەریوەکانی پایزدا
بەیادی ماچێکی کۆن بەڵام بەلەزەتەوە پیاسە بکەیت
منیش ئێواران خەممە کە چۆن دەڵاڵە میهرەبانەکەم بدۆزمەوە و
قاژێک "کێکی بۆشایی" بەقەرز لێبکرم

## سەهۆ

هەڵەیت گەر لەوە زیاتر لە وشەدا بۆم بگەڕێیت
ماڵی من ئێستا لە زەمینە نەک لە نێو هەوران
منیش سەهوم گەر لەمە بەولاوە سەرچنارت لەدو بگەڕێم
ماڵی تۆ ئەمێستا کۆشکێکی بەردینە نەک کاغەزیی!

## سپێدەیەک

سپیدەیەک لە خەو ڕادەبیت و
لە ئاوێنەکەدا خۆت نادۆزیتەوە
چیتر کەللەسەریکی کەچەڵ شک نابەیت
تا لە ژێر کڵاوێکدا لە گاڵتەی کچانی بشاریتەوە
جووتێک قاچت نییە پانتۆڵێکی دەڵبی تێهەڵکێشیت
یان پێیان وەک ئاسک لە خۆت هەڵبێیت
دەستێکت نییە بەدزیی خوداوە بیپەڕێنیت
یان بەدزیی باغەوانەوە سینەی هەناریکی پێ بگوشییت
چیتر جەستەیەکت نیە لەسەر شەقامە جەنجاڵەکانی ئۆکسفۆرد
پاسکیلسوارەکان تا ئەندازەی جنێودان توورە بکات
یان لە پاسێکدا بۆگەنە خۆرهەڵاتییەکەت
ژنێکی ڕەگەزپەرست تا ئاستی ئالۆش بهێنێتە هەلەکەسەما
چیتر خاوەن ماڵەکەت بە ئینگلیزییە ناخۆشئاوازەکەت
لە کاتی وەرگرتنی کرێدا ڕقیی لە وڵاتەکەی خۆی نابێتەوە
چی دی لە زانکۆ خوێندکاریکی بێگانەی بەتەمەن
قوتابییەکانی تر ناهێنێتە چرپە چرپ
ئەو سپێدەیە کە دێت هیچ سەرسامت ناکات
ئاخر تۆ لە مێژە لە ماڵێک دەگەڕێت
ڕۆح و جەستەت یەکخاتەوە

## من و سەرۆک

کاممان خوێڕیترین؟
من دەستم بۆ دەستپەڕ تەڕدەکەم
سەرۆک دەستی بۆ دزی درێژ دەکات
کاممان خائینترین؟
من وەک عاشقێکی دۆڕاو نیشتیمان بەتەنها جێدەهێڵم
سەرۆک یان نیشتیمان دەفرۆشێت یان بەکرێی دەدات

## سەرۆک

ورگی سەرۆک:
گۆڕستانی قەلەمون
عەقڵی سەرۆک:
کانگای نەزانین
کتیبخانەکەی سەرۆک:
زیندانی کتێب
پشتێنەکەی سەرۆک:
پەتی سێدارە
ئاودەستخانەکەی سەرۆک:
چێشتخانەی شایەرەکانی دەربار

## دیکتاتۆر

کە دیکتاتۆرێک دەمرێت و
یەکێکی دی شوێنی دەگرێت
ملیۆنەها هاوڵاتی تازێبار
وەک مێروو پەرت دەبن بە شەقامەکانی شاردا
پۆلیس بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیی گریانیان
گازی فرمێسکرێژیان دەبارێنێت بەسەردا

# میم و بێ

م: مەرگ شەرم دەکات داوەکانی خۆی لە ڕۆحی چەپەڵی ئێوە بنێت

ە: هەتاو لە سایەی ئێوەدا خۆزگە بە تاریکیی دەخوازێت

س: سەمای هەناسە لە زاری ئێوەدا تەنها پیاسەی نیگەرانیی مشتێک هەوای وەڕسە

ع: عەرشی زۆڵمی هاوینەهەوار بەری کزەی ئازادیی پێناگیرێت

و: وەرچەرخان کابوسی شەوانی ئێوەیە لەنێو گەورە ئالتونیەکانتاندا

د: دەمامکەکانی سەر ڕوخسارتان گەردێک لە ناشیرینی ناختان دانامالێت

ب: بای خەونەکانی ئێمەیە بلقەکانی سەر ڕووخسارتان لەودیو ماسکەکانەوە دەتەقێنێت

ا: ئامرازی دەستی ئێوە خەنجەر و قامچی و هی ئێمە هاوارە

ر: ڕای گشتی ئەو چەمکەیە کە ئێوە پێی نائاشنان و خۆتانی لێ نەبان دەکەن

ز: زاری قەرەباڵغی شایەرەکانتان میلۆدیی مانەوەی ئێوەیە

ا: ئاسنی سارد کوتانە دوان لەگەڵ ئێوەدا

ن: نامانبیستن وەک هەموو دیکتاتۆرەکانی دی گوێچکەتان بە مس ئاخنراوە

ی: یەک جیاوازی هەیە لەنێوان ئێوە و ئەوان: ئێمە پێمان شەرمە ئێوە دوژمنمان بن

# جیم و تێ

ج: جرجی نێو زێرابی زیندانە نهێنیەکان لەچاو ئێوەدا

ە: هەنگی باخچەکانی فیردەوسن

ل: لالەزاری کۆشک و سەیرانگەکانتان کەرتەشییەکانی بیابان شەرمەزار دەکەن

ا: ئامێزی گەرمی ئێوە بۆ هانای ئێمە، دۆزەخی سەرزەمینە نەک پەناگە

ل: لە کاژێری دونیا نهێنیەکانی ئێوەدا

ت: تاوێک بۆ خەون، ساتێک بۆ ئاسودەیی و دەمێک بۆ پێکەنین نەماوە

ا: ئامرازی دەستی ناحەز و جەلادی جەستەی ئێمەن

ڵ: لە گوناە سیخناخن و هەموومان لە بەهەشتە وەهمیەکانتان وەدەردەنێن

ە: هەناسەی پاڕانەوەی لماویی سەرشۆڕیتان لەسەر ئێمە گێژەلوکەی تۆڵەیە

ب: بارانی ئەم تاوانانەی ئێوە کێڵگەکانی خەونی ئێمەی زەرد داگەڕان
ا: ئەهریمەنی وەک ئێوە یان بەلاوی یان بە کەساسی دەمرێت
ن: نمەی تووڕەیی ئێمەی بێخەون کاتێک
ی: یاخی بوو زیندان و ئاسایشی ئێوە پێیان هێور ناکرێتەوە